# ڕۆژنامەی بەکراوا

فاضل قەرەداغی

ئەم ڕۆژنامەیە یەکێکە لە چەند دەقێکی کەم کە پێش (٢٦) ساڵ لە گردەکەی بەکراوادا دۆزرابوونەوە. دەقەکە لەو جۆرە ڕۆژنامانەیە کە زۆر جار بۆ پادشایان‌و دەستڕۆشتووانی وڵات ئەنووسرانەوەو وەك دەرئەکەوێت ئەمیان بۆ پادشایەکی شارەزوور نووسرابێتەوە یان هی پادشایەکی وڵاتی (بابل) بووبێت بۆ بەکارهێنانی لە کاتی مانەوە لە شارەزووردا. لە هەر دوو باریشدا ئەمە بەڵگەیەکە، بە پاڵ قەبارەو جێگەکەی گردەکە، لەسەر گرنگێتی‌و ڕۆڵی گەورەی بەکراوا لە دەشتی شارەزووری ئەو سەردەمانە.

لە ساڵی (٨٨٠)ی پێش زایین‌و دوای ئەوەی پادشای ئاشوری، ئاشور – ناسیرپالی دووەم (٨٨٣–٨٥٩) سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە زۆر لە شەڕەکانی لە شارەزوورو دەوروبەریدا، شارێکی وێرانبووی وڵاتی (زامدا)ی[١] بنیات نایەوە. ئەم شارە، کە ناوی ئەتلیلا Atlila بوو، بە پێی قسەی پادشاکە، کاتی خۆی لە دەستی سیبیر Sibir پادشای کاردونیاش (وڵاتی بابل)دابوو تیایدا دانیشتبوو[٢]. پادشای ئاشور ئەم شارەی گەورەترکرد لە جاران‌و کردی بە مەڵبەندی کۆکردنی گەنم‌و کای ناوچەکە، بە مەبەستی گواستنەوەیان بۆ وڵاتی خۆی، خانوویەکیشی تیادا بنیات نا بۆ خۆی‌و ناوەکەی گۆڕی بۆ دور – ئاشور[٣]، واتا قەڵای ئاشور.

لە مێژووی خوارووی (میاندووئاو)دا هیچ پادشایەکی بابل ناناسین بە ناوی سیبیر، لەبەر ئەوەش مێژووناسان بە یەکێك لە چەند پادشایەکیان زانیوە وەکو: پادشایەکی وڵاتی دەریا (خوارترین بەشەکانی میاندووئاو): سیبار – شیپاك[٤] (١٠٢٤–١٠٠٧)، یەکێك لە پادشاکانی زنجیرەی هەشتەمی بابل پێش پادشای هاوچەرخی ئاشور – ناسیرپال، واتا پادشایەکی پێش (نابو – ئاپل – ئیدینا)، هەروەها پادشایەکی سەردەمی (کاشی) بە ناوی شیبیر SHIBIR[٥]. ئەتلیلاش هەمان شت بە چەند شوێنێك زانراوە وەکو: نێوان کێوەکانی سەرگرمەو قەرەداغ[٦]، قەڵاجیق (؟)[٧]، بەکراوا[٨].

**پشکنین لە بەکراوادا:**

بەکراوا بەرزترین گردی ناوچەی شارەزوورە. بەڵام دووەم گردە دوای (یاسین تەپە) لە لایەن ڕووپێوەوە. گردەکە نزیکی (٦) کیلۆمەتر لە ژووررووی (هەڵەبجە)دایەو کەوتۆتە دەستە ڕاستی ڕێگای سەید سادق – هەڵەبجە.

گردەکە لەسەر بەرزاییەکی سروشتیدایە. بەرزترین خاڵی گردەکە لە نزماییەکەی تەنیشتی (٤١و٤) درێژییەکەی لە بەشی

حوارەوەی‌دا نزیکەی (٢٧٧) مەترە ، پانییەکەشی (٢١٦) مەترە . لەبەشی سەرەوەشی ، درێژییەکەی نزیکەی (٢٠٠) مەترەو وپانییەکەی ئەگاتە (١١٧) مەتر . لەگەڵ بەرزایی‌یە شوێنەوارییەکانی چواردەوری گردە سەرەکییەکە ڕووپێوەکەی ئەگاتە کیلۆمەترێکی دووجا . بە دەوری گردەکە خەندەکێکی گەورە بە پانی‌ی (١٠) تا (١٥) مەتر هەڵکەندراوە[٩] .

دوای پشکنینی شوێنەواریی گردەکە دەرکەوت کە چینەکانی بریتین لە (٨) چین[١٠] یەکەم‌و دووەمیان هی سەردەمە ئیسلامییەکانن (سەدەکانی (١٠-١٢)ی زایینی) . سێهەمیان ، کە جێماوی شوێنەواریی کەمەو جێی سووتانی پێوە دیارە . کۆنترە لە چەرخە ساسانی‌و پارتییەکان (سەدەکانی ٣ پ .ز - ٧ز) . لە چینی چوارەم‌دا کە بریتییە لە دوو بەش (أ) و (ب) . تێبینی کراوە کە گڵێنە (فخاریات)ی (خووری)و ئەوانەی شاری کۆنی (نوزی) کە ئەگەڕێنەوە بۆ سەدەی (١٥) پ .ز نەدۆزراونەتەوە[١١] . لە لایەکی ترەوە دەست‌و خەتی ئەو نووسراوانەی لەم چینەدا دۆزرابوونەوە لەهی سەدەی (١٣) پ .ز ئەچێت[١٢] .

لەوانەیە چینی پێنجەم‌و شەشەم بگەڕێنەوە بۆ سەدەی (١٦) پ .ز ، لە کاتێك کە چینی حەوتەم لە هی سەردەمی بابلی‌ی کۆن ئەچێت (سەدەکانی (١٩-١٦)ی پ .ز) . لە چینی هەشتەم‌دا بنایەکی گەورەی (١١) ژوور هەیە کە لەوانەیە پەرستگا بووبێت ، ڕەنگە ئەم چینەش هەروا بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ناوبراوی سەرەوە .

گلێنە سەردەمی ئیسن - لارسا (سەدەکانی ٢٠-١٨ پ .ز) لە هیچ لەم چینانەدا نەدۆزراوەتەوە . بەم پێیەش ئەبێت چینەکانی (٤) تا (٨) بگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی (١٨-١٥)ی پێش زایین[١٣]



وێنە (١) - گردی بەکرو



وێنە (٢) - چینەکانی بەکراوا

نەخشەی بەشێکی شارەزوورو گردە شوێنەوارییەکانی و جێی بەکراوا

لە نێوانیاندا . لە : اطلس المواقع الاثرية في العراق ، مديرية الآثار العامة ، ١٩٧٦ ، نەخشە (٧٧) و (٧٩) .



ئەوەی لێرەدا تێبینی ئەکرێت ئەوەیە کە کۆنترین چینی گردەکە – واتا چینی هەشتەم – چینێکی گەورەیەو پەرستگایەکی تێدایە ، بەم جۆرەش بەکراوا وەکو زۆر لە شارە کۆنەکانی تر نییە کە لە سەرەتادا لەسەر دێیەکی کۆنی چەرخە بەردینەکان بنیات ئەنران ، بەڵکو لەیەکەم ڕۆژییەوە شارێکی گەورەبوو ، یان لەوانەشە پایەتەختێکی نوێ بووبێت[14] .

زۆریش بینراوە کە پادشایان شارێك یان پایەتەختێکی نوێ بنیات ئەنێن بۆ دەرخستنی تواناو دەسەڵاتیان هەرچەندە زۆرترین جار ئەمە لە سەرجێی شارێکی زۆر بچووك یان دێیەکی کۆن ئەکرا .

ئەگەر بەکراوا بە شاری کۆنی ئەتلیلا بزانین[15] ، ئەوا ئەتوانین مێژووەکەی بەم جۆرە ڕێکبخەین :

بەکراوا لە سەردەمی بابلی کۆن یان کەمێك زووتر بنیاتنرا ، لە دواییشدا پادشای کاردونیاش ، کە بە (سیبیر) ناسێندرابوو گرتی‌و کردی بە مەڵبەندی دەشتی شارەزوور ، وڵاتی لولوبوم ، کاتێکیش ئاشور – ناسیرپال نزیکی کۆتایی‌ی شەڕەکانی ساڵی (٨٨٠) شاری ئاراکدی Arakdiی نزیك (سەید سادق)ی گرت ، بەکراوا سەرنجی ڕاکێشا ، ڕەنگە لەبەر شوێنەکەی‌و بەرزییەکەی ، لە کۆتاییشداو لەوانەیە دوای شەڕێکی نەزانراو ئەم گەنجینە گەنم‌و کایە سووتێنرا (چینی ٣) . بنیات نانەوەی ئەتلیلا لە لایەن پادشای ئاشورەوە لە دوای نزیکیی (٣ تا ٤) سەدە ڕێکە لە گەڵ بازەکەی نێوان چینی (٤) چینی (٣)و لە گەڵ سەردەمی هەردوو چینەکە .

**دەقەکانی بەکراوا :**

ئەم دەقانە لە دوو جاری پشکنین‌دا بە دەست‌کەوتبوون‌و هەر دوو جار لە چینی چوارەم‌دابوون . یەکەم جار (٧) پارچە دوزرانەوە کە زۆریان ناتەواوبوون ، یەکێکیشیان ئەوەی لێرەدا باسی‌کراوە ، دووەم جاریش (١٣) پارچەی‌تر بەدەست‌کەوتن[16] (بڕوانە خشتەی هەندێك لەم تابلّتانە) .
تابلّتەکەمان ژمارەی م.ع (=مۆزەخانەی عیراق) ٦٣٣٨٨ی هەیەو لە ساڵی (١٩٦٠)دا دۆزابووەوە[17] . لاکانی پارچەکە (١٦٣×١٠٨×٢٣) میلمەترن . تابلّتەکە باش لە کوورەدا سووتێنرابووو ڕەنگێکی بۆری هەیە . ڕووەکەی بە ساغی ماوەتەوە ، بەڵام بەشە گەورەکەی پشتەکەی تێك‌چووە[18] .

ناوەرۆکی دەقەکە بریتییە لە ڕۆژنامە لەو جۆرەی لەو سەردەمانەدا باوبووو لە بارەی ڕۆژە بەختەوەرو شوومەکان ئەدوا .

ڕۆژنامەکان ئەگەڕێنەوە بۆ ئەدەبی ڕۆژنامە ئەستێرە ناسییەکان کە زۆر بڵاوبوو لە وڵاتی بابل‌و ئاشوردا . لەو ڕۆژنامە ئەستێرە ناسیانە دوو جۆری گەورە هەیە : یەکەمیان ئەوانەی هەموو ڕۆژەکانی ساڵەکە ئەژمێرن چ ئەگەر بەختەوەربن یان شووم‌و نەهات ، لەگەڵ ئاڕاستەکردنی بەکارهێنەری . دووەمیشیان ئەو پێشبینیانە کە بە شێوەکەیان زۆر لە دەقە ئەستێرەگرییەکان ئەچن[19] .

بە پاڵ ڕۆژنامە دوورو درێژەکان ، (کورتەی ڕۆژنامە) هەیە ئەویش کە تەنها ڕۆژە باشەکان[20] ئەژمێرن‌و ڕۆژە نەهاتەکان ئەخەنە ئەولاوە . ئەم کورتانەش بە دوو شێوە ئەبینرێن : شێوەی یەکەم ئەو فاڵ‌و ئاڕاستە کردنانەی تایبەت بە ڕۆژە باشەکانە وەکو دەقەکەی بەکراوامان ، دووەمیش ئەوانەی چەند ڕۆژێکی دیاری‌کراو بە باش دائەنێن بێ‌هیچ ئاڕاستە کردنێکی‌تر . سەرچاوەو ڕەچەڵەکی ئەم جۆرە دەقانە نازانرێت ، بەڵام

بە دڵ نیایی‌یەوە ئەزانرێت کە ڕۆژنامە ئەستێرەناسییەکان ئەگەڕێنەوە بۆ چەرخە سومەرییەکان . بابلییەکان ئەمەیان ئەگەڕاندەوە بۆ حەوت دانای ئەفسانەیی ئاپکاللو Apkallu . بە قسەی ڕۆژنامەیەکی ئەستێرەناسیی شاری ئاشور داناکان ڕۆژە باشەکانیان هەڵبژاردبوو بۆ پادشای کاشی نازی – ماروتاش (١٢٩٨–١٣٢٣) بۆ مسۆگەرکردنی ڕۆشتنی باشی کارەکانی ، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ کورتەیەکی وامان پێ نەگەشتووە لەم سەردەمە . ڕۆژنامەنەکیش بە ناوی «ڕۆژنامەی کاشی» هەیە کە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمی پادشای کاشی کوریگالزوی یەکەم (سەدەی ١٤)[٢١] . نزیکی هاوچەرخی ئەمەش ڕۆژنامەکانی (بۆغازکۆی) هەیە[٢٢] .

ڕۆژنامەکانو بە تایبەتی کورتەکانیان بە شێوەیەکی سەرەکی بە خواستی پادشاو پیاوە دەسەڵاتدارەکان داواکراون وەك لە سەرەتادا وترا . وەك زانیشمان نازی – ماروتاش داوای کورتەیەکی کردبوو ، هەروا پادشا سارگۆنییەکان (ئەوانەی دوای سارگۆنی ئاشور کە لە (٧٢١–٧٠٥) پ . ز حوکمی کرد) زۆر جار لە نامەکانیاندا لیستەیەکی ڕۆژە باشەکانیان داوا ئەکرد پێش هەڵسان بە هەچ کارێکی گرنگ .



وێنە (٣) – ڕۆژنامەکەی بەکراوە ، ڕوو . لە : ١٩٦١ ، ١٧ ، Sumer .

دەقەکەمان ، کە درێژترین لیستەی ڕۆژە باشەکانە کە ئایستا بلاّوکرێتەوە[٢٣] ، کراوە بە (١٢) ستوون ، هەر ستوونێك تەرخان کراوە بۆ مانگێکی ساڵەکە . بە هەمان جۆری (١٢) ستوونەکەی ڕۆژنامە کاشی یەکە . بەلاّم لە گەلّ پشت گوێ خستنی ڕۆژە شوومەکانو لە گەلّ هەبوونی ئاراستەکردنی کورت بۆ بەشێکی زۆری ڕۆژەکان .

ڕوونە کە ڕۆژنامەکەی بەکراوا بە غەیری پسپۆران سوود نابەخشێت ، چونکە چاوەڕێ ناکەین مرۆڤێك لەسەر فالەکانی بڕوات ، لەبەر ئەمەو لەبەر دووروودرێژی ی دەقەکە لێرەدا تەنها نموونەیەکی ئەهێنینو ڕۆژنامەکە هەمووی بە کورتی باسی ئەکەین .

دەقەکە بە مانگی (نیسان) دەست پێ ئەکات کە ڕێکەوتی نێوان دوومانگی (ئادار)و (نیسان)ی ئێستامانەو بە مانگی (ئادار) کۆتایی پێ دێت[٢٩] :

(ستوونی یەکەم)

«لە مانگی نیساندا (Nisanniی بابلی بەرامبەری BARZAGGARی سومەری)

ڕۆژی یەکەم : بە تەواوەتی باشە .



وێنە (٤) – ڕۆژنامەکەی بەکراوا . پشتەوە . سەرچاوەی سەرەوە .



| ژمارەی پارچەکە | درێژی (لا) پانی ئەستووری سانتیمەتر | تێبینی |
|---|---|---|
| م ع ٦٢٩٨٥ | ١/٤ × ٧,٦ × ٢ | پارچەیەکی زۆر سووتێنراوە (سووتاوە تەیە)، لەسەر ڕوویەک پاشماوەی ٨ دێڕو ئەوەی تر پاشماوەی ٩ دێڕ، لا پاشماوەی ٢ دێڕ . |
| م ع ٦٢٩٨٦ | ٩,٢ × ٦ × ٢ | لەمەش لەتی جیا پێکهاتووە، نووسینێکی نادیار، شێوەیەکی نارێکی هەیە . |
| م ع ٦٢٩٨٧ | ١٠ × ٨,٩ × ٧,٧ | پارچەیەکە، لەسەر ڕووەکەی پاشماوەی نووسین هەیە، شێوەیەکی نارێک نزیکە لە سێگۆشە . |
| م ع ٦٢٩٨٨ | ١٠,٦ × ٧,٦ × ٢ | بەشێکی ئەماوە لە کتێبە، ڕوویەک ٦ دێڕو پاشماوەی ٥ دێڕی تر، ئەوەی تر ٤ دێڕو پاشماوەی ٧، لا پاشماوەی ٤ دێڕ . |
| م ع ٦٢٩٨٩ | ١٨,٥ × ١٤,٩ × ٣ | بەشێکی تابلێتێکی گەورەیە . |
| م ع ٦٢٩٩٠ | ٨,٢ × ٥,٥ × ٢,٢ | ناتەواوە، نەسووتێنراوە، نووسینێکی نادیار، لەکتێبە، تاوەییەکی کاڵ . |
| م ع ٦٢٩٩١ | ٤,١ × ٢,١ × ١,٨ | بەشێکی ئەماوە، وەسڵە، نەسووتێنراوە، ڕوویەک ٨ دێڕی تەواو و پاشماوەی چەند دێڕێک، ئەوەی تر ٦ دێڕو پاشماوەی چەند دێڕێکی تر، لا ١ دێڕ . |
| م ع ٦٢٩٩٢ | ٢ × ٢ × ١,٢ | وەسڵە، نەسووتێنراوە، تاوەییەکی کاڵە، ڕوویەک ١٥ دێڕو ئەوەی تر ٦ و لا ٢ دێڕ . |
| م ع ٦٢٩٩٤ | ٢,٦ × ٢,٦ × ١,٦ | پارچەیەکی بچووکە، کەم سووتێنراوە، پاشماوەی ٤ دێڕ لەسەر ڕوویەک و چەند دێڕی لەوەی تر |
| م ع ٦٢٩٩٥ | ١٢,٧ × ٨,٥ × ٢ | لەسەر دوو ڕووەکەی نووسینێکی وردە، گۆشەیەکی لە بەردایە، تاوەییە . |
| م ع ٦٢٦٩٨ | ٨,٥ × ٧,٤ × ٢,٧ | پارچەیەکی کەم سووتاوە، ڕوویەک ١٢ دێڕو ئەوەی تر پاشماوەی ١٤، لا ٢ دێڕ |

م ع = مۆزەخانەی عیراقی / (ل) درێژی ئەم لایە نەنووسراوە .

خشتەی هەندێک لە تابلێتەکانی بەکراوا / سومەر، بەرگی ١٨، ١٩٦٢، ل ١٦٥، بەشی عەرەبی .

خشتەی هەندێك لە تابلێتەكانی بەكراوا .

چوارەم : نیو ڕۆژی باشە .

شەشەم : نیو ڕۆژی باشە .

(دێڕی ٥) هەشتەم : وێرانیی دوژمنێك

دەهەم : گرتنی زەویی كێڵگەیەك .

یانزەهەم : خۆشیی دڵ .

شانزەهەم : ئەو شتەی ئەیەوێت بەجێی ئەهێنێت .

هەژدەهەم : ناخۆش نامێنێت .

(دێڕی ١٠) بیستەم : چەك ، گرتنی شار .

بیستو یەکەم : هەواڵ
بیستو سێهەم : نیو ڕۆژی باشە
بیست . . . . (دەقەکە شکاوە) .
هەمووی : یانزە ڕۆژی باش
دێڕی ١٥) لە مانگی نیساندا .«

ئەمەش بەردەوام ئەبێت بۆ مانگەکانی دوای نیسان (٢٥) .

لە نموونەکەی سەرەوەش پێشبینیی وەك «ناخۆشی نامێنێت» هەیە ، بەڵام ڕۆژنامەکە بەمەو بە دەست نیشانکردنی ڕۆژە باشەکان ناوەستێت بەڵکو وەك ونمان ئاراستەکردنیشی تێدایە وەکو :

«باقوربانی یەك دابنێت بۆ (گولا) — خوداوەندی تەندروستی —» ، «بامارێك بکوژێت ، ئەگاتە پایەی یەکەم» ، « ئامادەکردنی گەنم بۆ گواستنەوە» . . هتد .


پەراوێزو سەرچاوە :

١ — (زاموا) لەوکاتەدا هەموو ناوچەکانی نێوان زێی بچووكو سیروانی ئەگرتەوە (کەمێکیش لەوەزیاتر) .

زاموا بەو وڵاتە ئەوترا کە (لوللو)ی تیادا ئەژیا .

2 – E. A. Wallis Budge, L. W. King, Annals of the kings of Assyria , vol. 1 , London , 1902 , PP. 325 –6.

واتا (سیبیر) ئەچووە ئەوێ کاتی هاتنی بۆ شارەزوور .

3 – D.D. Luckenbill , Ancient Records of Assyria and Babylonia , chicago 1926 , S 458.

4 – A. Billerbeck , Das Sandschak Suleimania und dessen persische Nachbarlandschaften zur babylonischen und assyrischen zeit , Leipzig , 1898 , S.37.

5 – M. Streck , in , Zeitung für Assyriologie , 15 , S. 225 – 6.

6 – A. Billerbeck , Ibid.

7 – A.T. Olmstead , in , Journal of The American Oriental Society , Newttaven , vol . 38 , 1918 , P. 233 , n. 53.

ناوەکە ، واتا قەلاُجیق بەم جۆرە لەم سەرچاوەیەدا هاتووە ، دڵنیاش نەبووین لێی .

8 – E. A. Speiser , in The Annuals of the American Schools of Oriental Research , New Haven, vol. 8 , 1929 , P. 28.

٩ — محمد باقر الحسيني ، حفريات تل بكراوا ، سومر ، بەرگی ١٨ ، بەغدا ، ١٩٦٢ ، ل ١٤١-١٤٢ .

١٠ — ئەمە لە کاتێك کە لە سەرچاوەکەی خوارەوە نووسراوە کە چینەکان (١٥)ن بەمەرجێك هێشتا ماوەیەك بۆ زەوییە سروشتییەکە . ٧ چین لەمانە ئیسلامین ، لە ژێریانیشدا بینای خووری دۆزرابوونەوە لە چینەکانی (٨-١٠) . چینەکانی (١١-١٣) بابلی ی کۆنن . لە کاتێك کە دوو چینەکەی تر ، ١٤ ، ١٥ می سەردەمی (ئیسن — لارسا)ن . بڕوانە :

L. Matoush , L'Almanach de Bakr – Awa , Sumer, vol , 17 , 1961 , P.18

١١ — سومر ، ١٨ ، ل ١٦٢ .

١٢ —
Sumer , 17 , P. 22.

١٣ — ئەمە بە بڕوای نووسەری سەرچاوەکەمانە ، سومر ، ١٨ ، ل ١٦١-١٦٤ . نووسەر هەروا لەو بڕوایەدایە کە خووری یەکان لەم چینانەدا نیشتەجێ بوون پێش دەرکەوتنیان لە دەشتی کەرکووکدا بە ٣ سەدە ، ل ١٦٣ . ئەمەش دوورەلە ڕاستی چونکە لوللو پێش ئەوە بە ماوەیەکی زۆر لە شارەزووردا نیشتەجێ بوون .

١٤ — مەبەستمان لێرەدا لە گردە سەرەکییەکەیە . ئەگینا ئەبێت شارێکی زۆر بچووك یان دێیەك نزیك ئەوێ هەبوبێت پێش بنیاتنانی بەکراوا .

١٥ — وەك تێبینیەك . لە گۆڤاری سومر ، بەرگی ٣١ (١٩٧٥)دا وتراوە کە پشکنینەکان ئەیان سەلماندووە کە بەکراوا شاری ئەنلیلابووە(ل ١٧٥ – بەشی عەرەبی) . بەڵگەی لەمەش ئەبێت پاشماوەی گەنمو کانێت . بەڵام بەڵگەی جوگرافی و مێژوویی تا ڕادەیەك پشتگیری دەست نیشانکردنەکەی (سپایزەر) ئەکەن لەگەڵ ئەوەش کە کەمێك هۆ هەیە بۆ زانینی بەکراوا بەو شارەی لەم باسەدا ناوی هاتووە . واتا (ئاراکدی) .

١٦ — سومر ، ١٨ ، ل ١٤٤ ، ١٦٢ .

١٧ — لەسومر بەرگی ١٧دا وتراوە کە تابلێتەکە لە گردێکی ئەبێست گردە سەرەکییەکە بە ١٠٠ مەتر دۆزرابووەوە (ل ١٩) . بە پێی ئەم سەرچاوەیە چینەکانی ئەم گردە بچووکە ٥ چینن . دوانی سەرەوەی ئیسلامین ، چینی ٣و ٤ شتومەکی بابلی ی کۆنیان تێدایە هەروا چەند پارچە تابلێتێك هەبووە کە لە شوێنی پشکنینەکە ئەدۆزرابوونەوە .

چینی ٥ لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زنجیرەی سێهەمی (ئور) (٢١١٣-٢٠٠٦) پ . ز . بڕوانە : Sumer , 17 , P. 18 .

١٨ — باسەکەمان لێرەوە بە دواوە لە سەرچاوەکەی سەرەوە بەدەستکارییەوە وەرگێردراوە (ل ١٧-٤٢) .

١٩ — ڕۆژی باش ، بەختەوەر ، گونجاو . . . هتد ، ئەو ڕۆژەیە کە بە باش ئەزانرێت مرۆڤ تیایدا بەکارێك هەڵسێت .

٢٠ — نموونەیەکی پێشبینیە ئەستێرە گرییەکان : «ئەگەر مانگی یەك شەوە لە ڕۆژی ٢٩ هەمی مانگەکە بینرا ، ناخۆشی لە وڵاتی گوتی یەکان ڕوودەدات و ئەبەرزێنرێت» بڕوانە پێشبینیی ئەم جۆرە لە : سومر ، بەرگی ٢ ، بەشی ٢ ، ١٩٤٦ ، ل ١٨٩ (بەشی عەرەبی) .

٢١ — بۆ ئەم ڕۆژنامەیە بڕوانە :

Rene Labat, un Calendrier Cassite de Jours Fast et Nefastes – , Sumer , vol . 8 , no, 1 , 1952 , PP. 17 – 36.

ئەم ڕۆژنامەیە جۆری یەکەمی ڕۆژنامە درێژەکانە .

٢٢ — بۆغازکوێ : (خاتوشاش)ی کۆن ، پایەتەختی خاتی یەکان (حثی یەکان)

٢٣ — ئەم قسەیە لە ساڵی ١٩٦١دایە ، کاتی بڵاوکردنی باسەکەی دەربارەی ڕۆژنامەی بەکراوا.

٢٤ — مانگەکانی میاندوونثاو وەکو مانگە عەرەبییەکان بوون ، بەڵام ئەمان لە بەهارەوە دەستیان پێ ئەکرد واتا ئەو گۆڕانەی مانگە عەرەبییەکانیان نەبوو کە مانگێکی دیاری جارێك لە زستان ئەبێت و جارێك لە هاوین .

٢٥ — بۆ هەموو مانگەکان بڕوانە ئەو سەرچاوەیەی ڕۆژنامەکەی تیادا بڵاوکراوەتەوە واتا : سومر ١٧٦ .